# کاریگەریی رادیۆ لەسەر رای گشتی: رادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان) لە شاری سلێمانی بە نمونە، (٢٠٢٤)

**دانا بەهادین مستەفا***

وشە کلیلییەکان: رادیۆی گەلی کوردستان، بابەتە سیاسییەکان، کاریگەری، رای گشتی، شاری سلێمانی.
https://doi.org/10.31271/jopss.10133

**پوختە**

رادیۆ، ئامرازێکی تەکنەلۆجی راگەیاندنە، دەتوانێت رۆڵی لە زۆر لایەنی ژیان و کۆمەڵدا هەبێت، لەوانەش بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی. وەک چۆن، رای گشتی یەکێکە لەو بەرەنجامانەی، دەشێ بە هۆی راگەیاندن بەگشتی ومالپەری ئەلیکترۆنییەوە بێتەکایەوە. ئەم توێژینەوەیە؛ ئامانجییەتی، لەسەر سێ لایەنی پەیوەندیدار بە هەمان پرس: (هێنانەدی خواستی جەماوەر، کاریگەریی لەسەر رایگشتی) بابەت و بەرنامەکانی ناو رادیۆ کوردییەکان بەنمونە رادیۆیی گەلی کوردستان، رۆڵ و کاریگەریی ئەو رادیۆیە وەک نمونەیەکی رادیۆ کوردییەکان لەسەر رای گشتی جەماوەر. بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە سەرەکییەش، جۆری پەسنکاریی (وەصفیی) وریبازی (رووپێوکاریی) بەکارهێناوە. هەروەک؛ کۆمەڵی توێژینەوەکە، بریتییە لە شاری سلێمانی، مشتەکەیشی بەکارهێنەرانی رادیۆکەیە لە ناو شاری سلێمانیدا، کە ژمارەیان (١٤٦) کەسە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، توێژەران بە کۆمەڵێ دەرەنجام گەیشتون، لەوانە: مشتەی توێژینەوەکە، تا ئاستێکی بەرچاو و بەردەوام تەماشا و بەدواداچونیان بۆ بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی رادیۆ هەبووە، لەنێو ئەوانیشدا، پتر وەرگری (هەواڵ و زانیاری و بابەتی رۆشنبیری) بوون، بەڵام بە پێی ئەنجامەکان ئەوە دەردەکەوێت کە پێویستە بەرنامە رۆشبیرییەکان و هەواڵ و زانیارییەکان بایەخی زیاتری پێبدرێت بۆ ئەوەی کاریگەریی رادیۆ بەهێز بێت لەسەر پێکهێنانی رای گشتی لە ناو جەماوەری شاری سلێمانیدا. رەهەندگەلی جیاوازی هەیە: (خستنەرووی هەواڵ وزانیاری، بابەتە هزریی ورۆشنبیرییەکان)، لەوبارەشەوە؛ رادیۆ کوردییەکان، بە ئاستی جیاواز رۆڵیان هەبووە، لە هەندێ بواردا زۆر و هەندێکی تر کەم.

**ملخص**

**تأثير الإذاعة في الرأي العام: إذاعة (صوت شعب كردستان) في السليمانية أنموذجا، (٢٠٢٤)**

تمثل الاذاعة أداة تواصل تكنولوجية ذات تأثير كبير في مختلف جوانب الحياة والمجتمع، وخصوصاً في المجالات السياسية والاجتماعية. مع ذلك، يمكن أن يتأثر الرأي العام، الذي يُعد أحد نتائج البث

* پەیمانگای تەکنیکی وپیشەیی لوتکە - وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان
danabahadin7@gmail.com

الإذاعي، من خلال الإذاعة العامة والمنصات الإلكترونية. تهدف هذه الدراسة إلى فحص ثلاثة جوانب مترابطة: طلب الجمهور، تأثير البث الإذاعي على الرأي العام، ومحتوى وبرامج الإذاعة الكردية، مع التركيز على راديو "غالي كردستان" كدراسة حالة. تعتمد هذه الدراسة على الأساليب الوصفية والسردية، مع جمع البيانات من خلال مقابلات مع مديري راديو "Gali Kurdistan" في إقليم كردستان وعينة من ١٥٠ مواطنًا من مدينة السليمانية. تشير نتائج الدراسة إلى عدة استنتاجات رئيسية. يتابع جزء كبير من المشاركين في الدراسة بانتظام البرامج السياسية والاجتماعية عبر راديو "Gali Kurdistan ". ومن بينهم، يُعتبر الأغلبية مستهلكين نشطين للأخبار والمحتوى المعلوماتي. لكن، النتائج تُظهر الحاجة إلى إيلاء اهتمام أكبر للبرامج الثقافية والمعلوماتية لتعزيز تأثير الراديو في تشكيل الرأي العام داخل مجتمع السليمانية. هناك تفاوتات ملحوظة في نشر الأخبار والمعلومات والمحتوى الثقافي واتجاهات الرأي. في هذه الجوانب، تُظهر الإذاعة الكردية مستويات متفاوتة من الفعالية، اذ تتفوق في بعض المجالات بينما تتأخر في أخرى.

**Abstract**

**Influence of Radio on Public Opinion: Radio (Gali Kurdistan Radio) in Sulaymaniyah as an example, (2024)**

Radio, as a technological communication tool, holds significant influence in various aspects of life and society, especially in the political and social spheres. Nevertheless, public opinion, which is a key outcome, can be shaped by general broadcasting and electronic media. This study aims to investigate three interconnected aspects: public demand, the impact on public opinion, and the content and programming of Kurdish radio, with a focus on Gali Kurdistan Radio as a case study. The research utilizes descriptive and narrative methods, collecting data through interviews with managers of Gali Kurdistan Radio in the Kurdistan Region and a sample of 150 citizens from Sulaymaniyah city. The findings of the study indicate several insights. A substantial portion of the study's participants regularly tune into and follow political and social radio programs. Among them, the majority are keen consumers of news and informational content. However, the results suggest that greater attention should be given to cultural and informational programming to bolster the radio's impact on shaping public opinion within the Sulaymaniyah community. There are notable variations in the dissemination of news, information, cultural content, and public opinion. In these respects, Kurdish radios demonstrate differing levels of effectiveness, excelling in some areas while underperforming in others.

## پێشەکی

تەکنەلۆجیا گەشەی بە زۆر ئامرازی راگەیاندندا، لەناویشیاندا رادیۆ. رادیۆ ئامرازێکی پەیوەندیکردنە بە جەماوەرەوە، کاریگەریی لەسەر جەماوەری بیسەر هەیە، بەشێوەی گەیاندنی دەنگ بە بیسەران کاری میدیایی دەکات، لەڕێگەی پەخشکردنی هەواڵ و زانیارییەوە هەڵدەدات ئامانجەکانی بەدیبهێنێت کە سەرەکیترینیان دروستکردنی رای گشتیە. هەتا پەیدابوونی تەلەفۆن، پەیوەندیی رادیۆ و جەماوەر پتر یەکلایەنە بوو، واتە جەماوەر گوێگر بوو لە دەنگێک کە نەیدەزانی کێیە بەڵام متمانەی پێ دەکرد. دوای پەیدابوونی تەلەفۆن، جەماوەر دەیتوانی پەیوەندیی بە رادیۆکەوە بکات، پرسیار بکات یان هەڵسەنگاندنی خۆی بە ستافی رادیۆکە بگەیەنێت ( **Tiziano Bonini, une 2014**).

باسی رای گشتیش یەکێکە لە بابەتە بایەخپێدراوەکان لای لێکۆلەران و شارەزایان. لەناو ئامرازەکانی راگەیاندندا ڕادیۆ رۆڵی کاریگەری هەبووە و هەیە لەسەر کایە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، هەر بۆیە جەماوەری بەهۆی بیستنەوە وابەستەکردووە بەخۆیەوە. کاریگەریی رادیۆ بە تەنها لەسەر ئەوە نەوەستاوەتەوە تەکنۆلۆجیاکەی چەند پێشکەوتووە، بەڵکو لەسەر پەیامەکانیشی وەستاوە. لە پێکهێنانی رای گشتیدا، پەیامەکانی رادیۆ بە ئاستی جیاواز کاریگەرییان هەیە لەسەر رەگەز و تەمەن و ئاستی خوێندەواریی بەبێ جیاوازیی. بەشێوەیەک لە شێوەکانیش لە نێوان توێژ و گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەمئاهەنگی و ئاوێتەبوون دروست دەکات و زۆر جار رایان لە یەکتر نزیک دەکاتەوە. بەڵام بەرنامە و پەیامەکانی رادیۆ دەشێت کاریگەری لاوازیشیان هەبێت، لەوانە توندوتیژیی بچێنن، یان کاتی بیسەران بەفیڕۆ ببەن بە بابەتی کاڵ و کرچ، یان زانیاریی ساختە و هەڵە بڵاوبکەنەوە کە لەلایەک پاڵنەرەکانی جەماوەرەکە لاواز دەکەن لە گوێگرتن لە بەرنامەکان و لە لایەکەی تریشەوە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر بڕیارە سیاسییەکانیان و دەروونیان دادەنێت.

مێژووی کاری ڕادیۆ لەهەرێمی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و زمان حاڵی شۆڕشەکانی گەلی کورد بووە، لە بەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی و داگیرکارییەکانی ڕژێمە یەک لە دوای یەکانی دەوڵەتی عێراقی، واتا ئامرازی ڕاگەیاندنی بەرەنگاری بووە لەم قۆناغەدا.

لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستدا و لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دا، پاشان دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی نایە نێو قۆناغێکی نوێوە، شێوازی کارکردنی ڕادیۆ تارادەیەکی زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهات. لەم قۆناغەشدا گرنگی دراوە بەپەخشکردنی هەواڵ و زانیاری و بەرنامەی هەمەڕەنگ و پەخشکردنی ڕێنمایی و ڕیکلامی بازرگانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستیەکانی بیسەران.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر کاریگەری دەنگی گەلی کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر بیسەرانی لەناو شاری سلێمانیدا.

# بەشی یەکەم:
# میتۆدنامە و چەمکەکانی توێژینەوەکە:

## یەکەم/ میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### ١. هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوە:

بەر لە سەرهەڵدانی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ڕادیۆ لەرێگەی پێدانی هەواڵ و زانیاری سیاسییەوە گۆڕەپانێکی بەرفراوانی قۆستبۆوە لەناو بیسەراندا، ئەمەش لەلایەکەوە بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانی لای وەرگر، لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەیەکی بەهێزبووە لە تێرکردنی بەشێک لە پێداویستیەکانی جەماوەر لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتورییەوە، بە کورتی هەڵبژاردنی ناونیشان و بیرۆکەکە لەم دووخاڵەی لای خوارەوە دەخەینەڕوو:

آ. گرنگی رادیۆ لە کاریگەریدانان لەسەر رای گشتی.

ب. تێگەیشتن لە رازیبونی بیسەر یارمەتیدەری پلاندانان دەبێت.

### ٢. پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

سەرەکیترین پرسیارەکانی توێژینەوەکە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

ا. ئایا تاچەند رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بووە بە جێگەی ڕەزامەندی بیسەرانی؟

ب. ئایا ئاراستەکردنی پەیامەکانی بە وەرگر شێوازی لایەنگیری حیزبیان پێوە دیارە؟

ج. ئایا کاریگەریان لەسەر هۆشیاری جەماوەر لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەبووە؟

### ٣. بایەخی توێژینەوەکە:

لە رۆژگاری ئەمرۆدا کێبرکێی میدیاییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان لەسەر جەماوەر هەیە، لە بەرئەوە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر گرنگیدان بە پێداویستیەکانی وەرگر پێویستییەکی سەرەکی بواری توێژینەوەیە.

دواخاڵیش، هەمان توێژینەوە دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا ئەنجام بدرێتەوە تا ئەنجامەکان بەرچاو روونی بکەن لەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر رادەی رازیبوونی جەماوەردا هاتوون.

### ٤. ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە ئەوەیە ئاستی کاریگەرییەکانی ڕادیۆکە بخاتەڕوو سەبارەت بەڕازیبوونی بیسەرانی بەشێک لەو بابەتە کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریانەی کە دەزگاکە کردوێتی بە پەیامی میدیایی خۆی.

**٥. بەکارهێنانی میتۆد:**

توێژەر بۆ گەشتن بەئەنجامی توێژینەوەکە پشت دەبەستێت بە میتۆدی روپێوکاری.

**٦. ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی شرۆڤەکردن و شیکردنەوە بۆ گەشتن بە وەڵامی زانستییانەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و پاشان ئەنجامەکان، لەرووی تیورییەوە توێژەر پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەکانی تایبەت بەم بوارەی کە هەڵبژێردراوە و گرنگی پێدراوە، لەلایەنی پراکتیکیشەوە پەنای بردۆتە بەر شێوازی راپرسی لەگەڵ ( ١٤٦ ) کەس لەناو شاری سلێمانیدا بەبەشداری توێژ و تەمەن و ئاستی خوێندەواریی و پیشەی جیاوازەوە.

**دووەم/ دیاریکردنی چەمکەکانی ناو توێژینەوەکە:**

**١- ئاستی ڕازیبون:**

ئاستی ڕازیبونی خەڵک بریتیە لەوەی جەماوەر تا چەند لە کوالتی، ئاستی روونیی پەیامەکان و پەیوەندیداربوونیان رازییە. واتە چەند پەیامەکان پەیوەندیی بە ژیانی ئەوەوە هەیە. واتە رادیۆکە خزمەتگوزارییەکی هەیە و پێشکەشی دەکات، ئایا تا چەند کڕیارەکانی (گوێگرانی) لێی رازین؟ تا چەند لا ئاستی چاوەڕوانی ئەواندایە؟ بۆ ئەم مەبەستەش، چەند لایەنێک دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، لەوانە حەز و ئارەزووی جەماوەری ئەو کەناڵە میدیاییە یان رادیۆیە، تا چەند رازین لە بەرنامەکانی یان ئەو بەرنامەیەی توێژەر دەیەوێت توێژینەوەی لە بارەوە بکات. پاشان کەرەستەی ئاماریی بۆ دەستنیشان دەکرێت، لەوانە راپرسیی دەربارەی ئاستی رازیبونیی جەماوەری رادیۆکە. ئەمەش یارمەتی رادیۆکە دەدات هەڵسەنگاندن بۆ پێگەی خۆی لەناو بازاڕەکەدا بکات. ئاستی ڕازیبون دەبێتە هۆی پتەوکردنی ئینتیمای جەماوەر بۆ رادیۆکە. دروستبوونی متمانە لە نێوان خەڵک و دەزگاکانیدا، واتا ڕازیبونی وەرگر جۆرێکە لە ڕەنگدانەوە بۆ سەر ئەو دەزگایەی کە پەیوەندی لە گەڵدا هەیە. هەروەها لەرێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕازیبونەوە ئاسودەی و دڵنیایی دروست دەبن( What Is Audience Satisfaction And How To Define It, FasterCapital).

چەندین دەرئەنجامی گرنگ لە ئاستی ڕازیبوندا دروست دەبن سەرەکیترینیان بریتیە لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە:

أ. تاکی وەرگر زیاتر هەستی ڕازیبونی لەبەرامبەر پەیامەکاندا لا دروست دەبێت.

ب. هەستی لایەنگیری بۆ ئەو دەزگایە بەهێز دەبێت کە وەک ئامرازی راگەیاندن باکاری دەهێنێت.

ج. وادەکات خۆ بە دوور بگرێت لە کەمی ئامادەبون و پابەند بوون.

د. پارێزگاری لەو دەزگایە دەکات کە بۆی بووە بە یەکێک لە سەرچاوەکانی زانیاری و پێوەی پابەندە.

هـ. بەرزبونەوەی ئاستی ڕازیبونی جەماوەریش وادەکات کە دەزگای پەیوەندیدار برەو

بەپیشکەوتن و خۆ نوێکردنەوەی بەردەوام بدات.

و. لەکاتی هەر قەیرانێکی دەزگاکەدا، جەماوەرەکەی هاوکاری بەهێزی دەبن بۆ ڕووبەروو بونەوەی قەیرانەکە.

بەکورتی ئاستی ڕازیبون لەسەرەکیترین پێداویستیەکانی پەیوەندی نێوان دەزگاکان و جەماوەرە بەگشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی.

**٢- بیسەر:**

بیسەر بریتیە لەو وەرگرەی کە لەڕێگەی هەستەوەرەکانی ئەندامی بیستنەوە لە پەیوەندی دروستکردندایە لەگەڵ نێرەری قسەکەردا، بەمەبەستی وەرگرتنی پەیام. لە سەردەمی نوێدا، بیسەر کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر لایەنی رادیۆکە. ئەمڕۆ بیسەران لە سۆشیەل میدیا چالاکن، چاودێریی ئەو بەرنامانە دەکەن کە رادیۆکە لە سۆشیەل میدیاوە بڵاویان دەکاتەوە و هەر لەوێشەوە دەمودەست کۆمێنتی خۆیان دەنوسن، بە باش بێت یان خراپ. هەر لەوێشەوە داوای چاکسازیی لە بەرنامەکاندا دەکەن، ئەمەش دەکەوێتە بەرچاوی ژمارەیەکی گەورە نەک لە بیسەرانی رادیۆکە بەڵکو خوێنەرانی سۆشیەل میدیا. بەم هۆیەشەوە، کاریگەرییان لەسەر ئەدای رادیۆکان و بەرنامەکانیان زیادی کردووە. لێرەوە، بیسەرانی ئەمڕۆ بوون بە بەشێک لە بەرهەمهێنەرانی بەرنامەکان و داڕێژەرانی ستراتیجی رادیۆکان. ئیدی ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە رادیۆ و جەماوەرەکەی بەبێ ئەوەی یەکتر ببینن، متمانە بە یەکتر بکەن (Zainal Abidin Achmad, and Rachmah Ida, 2019: 244).

لێرەوە، هەر رادیۆیەک دەبێت بە وردی لە بیسەرانی خۆی تێبگات و لە ڕەفتاریان بکۆڵێتەوە و بیروبۆچونیان وەربگریت، چونکە (Shinde A. V., Patil S. D., and P.A. Patil, 2018: 3):

ا- پەخشکردنی بەرنامە دەبێت ڕەچاوی ئەو ناوچەیە بکات کە گوێی لێ دەگرێت. یان ئایا لە چی شوێنێک زیاتر گوێ لە بەرنامەکانی رادیۆ دەگرن، لە ناو ئوتومبێل، لە ماڵەوە، یان یان لەگەڵ هاوڕێکانیان و لە کاتی دانیشتنی خێزانییدا. بۆ نمونە، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر وڵاتی هیند، دەرکەوتووە کە ٥٥.٦٪ی ڕوپێوییەکە لە ماڵەوە گوێ لە بەرنامەی رادیۆیی دەگرن.

ب- دەبێت ڕەچاوی کاتی بەرنامەکە بکات، واتە بۆ ماوەی چەند درێژ بێت.

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە لەم سەردەمەدا بەهۆی هەواڵی ساختە و زیادبوونی ژمارەی بەرنامەکانی میدیاوە، بیسەرانیش پێویستیان بەوە هەیە وردتر و وریایانەتر مامەڵە بکەن.

**٣- رادیۆ:**

پیناسە: بریتییە لە یەکێک لە ئامرازە تەکنەلوجیەکانی بواری ڕاگەیاندن، بەهۆی گۆڕینی شەپۆلە کارۆموگناتیزییەکانەوە بۆ لەرەلەری دەنگ و پاشان دەکرێن بە پەیامی میدیایی و لەئەنجامدا پەخش دەکرێت بۆ بیسەران و کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات بە ئامانجی دروستکردنی ڕای گشتی. واتە دەنگ دەنێردرێت و لەرێی شەپۆلەوە دەگات بە لایەنێک ( Oberiri Destiny Apukem,

.(2017: 7

لە ڕێگەی ڕادیۆوە دەنگ دەبێتە ڕەگەزێکی سەرەکی بەمەبەستی ئاراستەکردنی هەواڵ زانیاری و بابەتی هەمەچەشنەی بەرنامە بۆ دەڕێژراو بۆ وەرگر، سەرئەنجام بەهۆی پرۆسەی بیستنەوە کارلێکی پەیوەندی دروست دەبێت لە نێوان ڕادیۆ و جەماوەردا.

ئەوەش پێویستە بگوترێت کە ئەلێکسەندەر بوبوف بە داهێنەری رادیۆ دادەنرێت دوای ئەوەی ئامێرێکی وەرگری لەرەلەری دەنگ و شەپۆلە کەهرۆموگناتیزەکانەوە دروست کرد (Allison Marsh، Who Invented Radio: Guglielmo Marconi or Aleksandr Popov?, 30 April, 2020).

## بەشی دووەم:

## ڕازیبوون و جەماوەر

### یەکەم/ ئاستی تێربوونی پێویستەکانی جەماوەر لە بەکارهێنانی ڕادێودا:

بەدەم گەشەکردنی تەکنەلۆجیاوە، راگەیاندنیش لەهەوڵی خۆبەرەوپیشبردن و گەشەکردندایە، لەهەمانکاتدا ئاستی پێداویستیەکانی وەرگریش لەبەرامبەر دەزگاکانی راگەیاندن هەڵکشاوە.

ئەمرۆ پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و جەماوەر چۆتە ئاستێکی بەهێزەوە تا ئەو ڕادەیەی کارلێکی جەماوەر زور خێرا و راستەوخۆ بووە، لەیەک کاتدا وەرگر لەتوانایدایە رۆڵی نێرەریش ببینێت و ببێت بە دوو لایەنی سەرەکی ( وەرگر و پەیامنێر) لە هاوکیشەی گەیاندندا، هەر لەم سۆنگەیەوە توێژەر بە پێویستی دەزانێت کە باری تێڕوانینی زانستیانە بخاتە سەر دوولایەنی زانستیدا:

#### ١. پەیوەندی نێوان ڕادیۆ و جەماوەر:

لە (١٣٠) ساڵ لەمەوبەرەوە تاکو ئێستا ڕادیۆ و جەماوەر لە پەیوەندی بەردەوامدان، ئەم دانەبڕانە لە پەیوەندیکردن چەندین قۆناغی میدیایی بەخۆوە بینیوە، گەشەکردوترین قۆناغیش ئێستایە کە پێی دەوترێت جیهانی تەکنەلۆجی، ئەم جیهانەش ڕادیۆی لە ڕووی تەکنیکیەوە گەیاندۆتە ئاستێکی باڵا و لە هەمانکاتدا ئاسانی و خێرایی لەبەکارهێنانیدا لەناو جەماوەردا، هەروەک دەبینین بە ئاستێک ڕادیۆ بەکارهێنانی فەراهەم بووە بەهۆی پچوککردنەوەی ترانزستەرەوە وەرگر دەتوانێت لە ڕێگەی مۆبایل و قەڵەم گیرفانەوە پەیوەندی لەگەڵدا دروست بکات و بەکاریبهێنێت گرنگ. چەند خەسڵەتێکی رادیۆ شایستەی لەسەر ڕاوەستانە، لەوانە ئامێرێکە ئاسان هەڵدەگیرێت، پەیامەکانی دەگاتە جەماوەرێکی گەورە، جەماوەر ناتوانێت داوای دوبارەکردنەوەی پەیامەکان بکات ئەگەر تێنەگەیشت و لە بازاڕێکی رکابەریی بەهێزدایە (Oberiri Destiny Apukem, 2017: 8-9).

هەر بەهۆی گەشەی تەکنەلۆجییەوە بەکارهێنەران دەتوانن کارلێکی ڕاستەخۆ بەمەبەستی بەکواڵیتیبونی بەرنامەکان بەلەبەرچاوگرتنی پێداویستیەکانیان دروستبکەن. بەهێزی ئەم پەیوەندییەش وایکردووە کە ڕادیۆ گرنگی بدات بە بەرنامە و پەیامەکانی و گونجاوبێت لە بەرامبەر پێداویستیەکانی ئەم سەردەمەی جەماوەر، بە کوالیتیەکی باشەوە لە هەوڵدایە هەواڵ و زانیارییەکان

لەکاتی گونجاودا پێشکەش بکات و بەشێوەی دەنگ و ناوەناوەش لەرێگەی ستۆدیۆکانیانەوە لەیەک کاتدا بە خێرای ( بە دەنگ و رەنگ و جوڵە) بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکاتەوە و ئاراستەی وەرگری دەکات.

ڕادیۆ بەهۆی بوونی ململانێکانی لەگەڵ دەزگاکانی هاوشێوەی خۆی و ئامرازەکانی دیکەی میدیادا، لەهەوڵدایە کارکردنی بۆ جەماوەر بریتیی بێت لە کەمکردنەوەیەکی دیاردە خراپەکانی وەک دیاردەی توند و تیژی و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و هەروەها گرنگیدانیشی بە بەرنامەی تەرفیهی و کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکان بێت، کاردەکات لەسەر فەراهەمکردنی ئەو پەیامانەی کە ئاستی هۆشیاری تاک لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەرز دەکاتەوە، هەوڵ دەدات بە ئاستێکی گونجاو پەیامەکانی ڕێز لە خواستی بیسەران بگرێت لەهەمانکاتدا تەکنیکی پێشکەشکردنیش بەرەو ئاستێکی پێشکەوتو بەرێت(Dyan Rhmiati, Anang Sujoko, 25 jul 2023) .

**٢. تیوری بەکارهێنان و تێرکردنی جەماوەر:**

**٢-١- کورتەیەک لە مێژووی تیورەکە:**

سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم تیورە دەگەرێتەوە بۆ تیورست (ئیلهو کاتز-ساڵی ١٩٥٩)، دوای ئەنجامدانی توێژینەوەیەک گەشتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

أ. چەند هۆکارێکی لۆژیکی هەن پاڵ بە وەرگرەوە ئەنێن تا کاریگەربن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.

ب. بەهۆی باکگراوندی ڕۆشنبیری تاکەکان کۆنترۆلی پەیامە میدیاییەکان دەکرێت.

ج. جەماوەر لەم تیورەدا ئەکتیڤە چونکە پەیامە میدیاییەکان بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستیەکی دیاریکراو، بەکاردەهێنێت.

د. پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جەخت بکەنەوە لەسەر زانین و بیرو بۆچونەکان و ئاراستەکانی وەرگر بەمەبەستی تێرکردنی حەز و پێداویستیەکانی ( What Is Audience Satisfaction And How To Define It, FasterCapital). کاتز و بلومەر لە کتێبی متکامل ساڵی ١٩٧٤ وای دەبینن کە : ئەم تیورە بەیەکێک لەو تیورانە دادەنرێت کە پشت بە ڕاڤەو شیکردنەوە دەبەستێت بۆ ڕۆڵ و پێداویستیەکانی وەرگر، پاشان جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی جەماوەر لە پرۆسەی کۆمۆنیکەیشندا.

ئەم تیورە پشت دەبەستێت بە پێویستیەکان و پاڵنەرەکان و پەیوەستە بە سروشت و دەرونی تاکەوە. بنەمای سەرەکی ئەم تیورە ئەوەیە کە پێیوایە وەرگر بەمەبەستی تێرکنی پێویستیەکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی کاریگەر دەبێت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، هەروەها حەز و پەیوەستبوونی بە میدیاوە بۆ ئەوەیە کە بۆشاییە دەرونیەکانی پربکاتەوە، ئەمەش پاڵی پێوەدەنێت بەرەو و وەڵامدانەوە و دابینکردنی پێویستیەکانی (Cynthia Vinney, July 29, 2024).

**٢-٢- بنەماکانی تیۆرەکە :**

أ. کاریگەربونی جەماوەر بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

ب. جەماوەر چالاکە و دەستپێشخەری هەیە و دەتوانێت پەیوەندی لە نێوان پێداویستیەکانی و ئەو ئامرازانەدا بکات کە تێری دەکەن.

ج. جەماوەر توانای زانین و تێگەشتنی پێویستیەکان و حەز و ئارەزووەکانیان هەیە.

د. جەماوەر ناوەڕۆکی پەیامێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەستنیشان دەکات، پاشان ئەو ئامرازانە هەڵدەبژێرن کە پێویستەکانیان بۆ تێر دەکەن وەک: هەواڵ و زانیاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و کاتبەسەربردن (Cynthia Vinney, March 6, 2024)

**دووەم/ لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر و ئەزمونی وڵاتان**

لەم بڕگەیەکدا، ئاماژە بە چەند لێکۆڵینەوەیەک دەکرێت تا پاڵپشتی بۆ میتۆد و بیرۆکەی باسەکە بهێنرێتەوە و بنەمای بۆچونەکە پتەوتر بکات.

١- لێکۆڵینەوەی **شعبان مالک، دور إلاذاعة المحلية في نشر الوعى الصحي لدى الطالب الجامعي،** الاطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراة، علم اجتماع التنمية، جامعة منتورى قسنطينة، ٢٠٠٥-٢٠٠٦:

ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییە نزیکەی ٢٩٣ کەسی وەرگرتووە وەک سامپڵ لە دوو زانکۆی جیاواز لە جەزائیر. پرسیاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکە ئەوە بووە کە ئایا رادیۆ تا چەند کاریگەری لەسەر هۆشیاریی تەندروستی لەناو خوێندکارانی زانکۆدا هەیە ؟

بۆ ئەمەش دوو رادیۆی وەرگرتووە، ئەوانیش بریتین لە سیرتا و ئەل-زیبان، بە ئەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە بەرنامەکانی تەندروستی و هۆشداریدان سەبارەت بە جۆرەکانی نەخۆشی و خۆپاراستن لێیان و توانیویەتی کاریگەریی لەسەر رای جەماوەر (کە لەم سامپڵەدا خوێندکارانن) دروستبکات و رەفتاریان بگۆڕێت.

٢. **خضر طاهري: واقع إلاذاعة المحلية ومعاجلتها لمشكلات الاجتماعية-إذاعة الجلفة المحلية نموذجا،**مذكرة مقدمة لنيل شهادة ماجيستر في علم اجتماع الاتصال والعلاقات العامة، جامعة بسكرة، ٢٠١١-٢٠١٢.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە تێگەیشتن بووە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و سروشتی بەرنامەکانی رادیۆکان و کاریگەرییان لەسەر ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە، لەوانەش کێشەی بێکاریی و نەخوێندەواریی. توێژەر ١٥٠ کەسی لە شارۆچکەی ئەل-لفە لە جەزائیر وەرگرتووە، بە ئەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە رادیۆکان بایەخ بە بەرنامەی کۆمەڵایەتی دەدەن بەڵام مەرج نیە کاریگەرییان گەورە بێت و زۆر بابەت هەن سەرنجیان لەسەری نییە.

٣- لێکۆڵینەوەی **بن عزة فاطمة الزهراء، الإذاعة المحلية ودورها في تحديد توجهات الراي العام – إذاعات الغرب الجزائري النموذجا**، الطروحة مقدمة لنيل شهادة الدكتوراه، في علم اجتماع الاتصال، كلية العلوم الاجتماعية والعلوم الإنسانية، قسم العلوم الاجتماعية، جامعة ابي بكر بلقايد، الجمهورية الجزائيرية الديموقراطية الشعبية، تلمسان، ٢٠١٦-٢٠١٧.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ٤٠٠ فۆرمی راپرسی دابەش کردووە لە دوو شاردا لە جەزائیر، کە ئەوانیش شاری تلمسان و مستغانم بوون، هەوڵیداوە سروشتی زانیاری و هەواڵی رادیۆ خۆماڵییەکان بدۆزێتەوە، لە لایەنی پیشەییان بڕوانێت لەگەڵ کاریگەرییان لەسەر رای گشتی بەشێوەیەک بزانێت رادیۆکان بەرنامە و بابەتی تەندروست هەڵدەبژێرن یان نا و توانیویانە هەڵوێستی دروست لای تاکی جەزائیری دروست بکەن یان نا. لە شاری تلمسان ٤٨%ی سامپڵەکە وتویانە بەس گوێدەگرن، بەڵام تەنها ١٦.٥% وتویانە گفتوگۆی لەسەر دەکەن، ١٤.٥% وتویانە چاودێری بەردەوامی بەرنامەکان دەکەن و گوێیان لێ دەگرن. ئەم رێژانە لە شاری مستغانم ٣٦.٥%، ١٣% و ٢٠% بووە یەک لە دوای یەک. رێژەکانی تر یان گوێناگرن یان لە بوارێکی دیکەدا دەنگیانداوە. ئەو بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە بەرنامەی خراپ و زانیاری هەڵە و خراپ دەتوانێت رای گشتی بشێوێنێت بەرنامەی رادیۆیی دەتوانێت توندوتیژی بنێتەوە، بۆ نمونە توندوتیژیی ئاینیی یان کۆمەڵایەتی و پێچەوانەکەیشی راستە. رادیۆ و بەرنامەکانی لە پرۆسەی رۆشنبیرکردن و خوێندەوارکردن و دروستکردنی رای گشتییدا بەشدارێکی چالاکن.

٤. لێکۆڵینەوەی **الحمد عزت ونهاد عبود، الاذاعة والتلفزيون، دراسة في اعلام السلطة، مؤسسة حرية الفكر والتعبير**، ٢٠١٢.

توێژەر باسی ئەوەی کردووە کە سەرەتای دامەزراندنی رادیۆی ئەهلیی لە میسر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥. لە سەرەتادا بەرنامەکانی رادیۆکان لە ژێر سانسۆری حکومەتدا بوون و سەرپەرشتییەکی چڕوپڕ کراون. لە ١٩٣٤دا یەکەم پەخشی رادیۆی فەرمی کرایەوە کە ئەحمەد سالم بوو بەم ووشەیە دەستی پێکرد "هنا القاهرة..."، لەو کاتەشەوە حکومەت پەخشی رادیۆی خستە ژێر دەستی خۆیەوە. لە ١٩٩٠کاندا رادیۆی ئاراستەکراو و ئامانجدار کرانەوە، هەیان بوو تایبەت بە فێرکردن و تیایاندا بوو تایبەت بە وەرزش. هاوکات ئەم لێکۆڵینەوەیە باسی لەوەش کردووە کە بەیاننامەی مافی مرۆڤ ددانی ناوە بەوەدا ئامرازەکانی راگەیاندن بەشداری چالاکانە لە پشتیوانی ئاشتیخوازیی و پێکەوە ژیانی نێودەوڵەتی و پتەوکردنی مافەکانی مرۆڤ بکەن. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە سەربارى ئەوەی وێستەگەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆی سەر بە دەوڵەت لە میسردا نزیکەی ٤٠ هەزار فەرمانبەریان هەیە، بەڵام متمانەیان لای بیسەر و پشتپێبەستن و پەخش و کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری سیاسی لاوازە. رادیۆ بەرژەوەندی حزب و دەوڵەت دەپارێزێت پتر لەوەی ئازاد بێت لە گەیاندنی پەیامەکانی سەربەخۆبون و هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە مافەکانیان. بۆیە جەماوەری میسری متمانەیان بە رادیۆکان و پەیامەکانیان نییە.

٥. **عبلة محمد رويس، تجربة الاذاعات المجتمعية الاردنية في تنمية المجتمع المحلي، دراسة حلة: نادي مستمعي راديو البلدا**، جامعة الشرق الاوسط للدراسات العليا، كلية الاعلام، الرساله استكمالا لمتطلبات الحصول على درجه الماجستير فى الاعلام، ٢٠١٠.

بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، رادیۆ درەنگ وەختێک لە ئەردەن دروست دەبێت و ئازادی وەردەگرێت. لە دوای ١٩٨٩ هەندێک بڕیاری نوێ دەربارەی ئازادی قسەکردن و بیروبۆچون لە ئەردەن دەدرێت کە یارمەتی گەشەی زیاتری رادیۆ دەدات. دوای ئەمە ئەردەن نزیکەی ٣٠ وێستگەی رادیۆی کەرتی تایبەتی بە خۆوە بینی لە نێوان ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠، کە هەندێک بۆ کاتبەسەربردن و هەندێک بۆ هەواڵ و هەندێکی دیکەیان بۆ پرس و رای کۆمەڵایەتی دانران، لەوانە رادیۆی (ئەل-بەلەد) و رادیۆی (فرح ئەل-ناس). هاوکات رادیۆی نێودەوڵەتی (مۆنتیکارلۆ)ش لەوێ کراوەتەوە. ئەوەی بەدی کردووە ئەوەیە کە رادیۆی کاتبەسەربردن و بەرنامەی هونەری زۆرترین رەواجی هەبووە لەناو جەماوەردا. ئاماژەی بە لێکۆڵینەوەیەک داوە کە لەگەڵ زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس کراوە و دەرکەوتووە رادیۆی (هونەری پێشوو) رێژەی ٤٩.٥%ی گوێگری هەبووە و رادیۆی (قورئانی کەریم) ٤٤.٩%ی بەرکەوتووە لە ٢٠٠٨دا. لێکۆڵینەوەکە سەرنجی لەسەر رۆڵی رادیۆیە لە گەشەی مرۆیی و هزرییدا. بۆ ئەم مەبەستە رادیۆی بەلەد(البلد)ی وەرگرتووە، راپرسییەکەی لەگەڵ ٢٥٠ کەسدا بووە، کە لە ٥٢.٥%ی لەناو رەگەزی نێرینەدا بووە، تەمەنی کەمتر لە ٢٥ یش ٣٣.٦%ی پێکهێناوە بەپێی تەمەن. ئەو بۆی دەرکەوتووە کە تەنها ٣٣.٦%یش بەردەوام گوێ لە رادیۆکە دەگرن، لەم رێژەیە زیاتر "جاروبار" و رێژەی (١١%)ش "زۆر بەدەگمەن" گوێ دەگرن. بەرنامەی هەواڵ و سیاسی زۆرترین گوێگری هەیە بە رێژەی ٣١.١% و دوای ئەمیش بەرنامەی کاتبەسەربردن بە رێژەی ٢٤% و کۆمەڵایەتیی بە رێژەی ١١%. لەناو تەمەنی ٤٦ و زیاتردا، تەنها رێژەی ٤٠% باوەڕیان وابووە کە بەرنامەکان کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر بە باشی و بەردەوام چارە دەکەن. ئەم رێژەیە لە نێوان تەمەنی ٢٦-٣٥دا کەمترە لە ٣٦%. لە ١٣% رایان وایە سەربەخۆ نییە و لە ٥٩% رایان وایە سەربەخۆیە، بەڵام لە ٦٥% رایان وایە ئارەزووی بیسەران تێردەکات. واتە رێژەی رازیبون لە بەرنامەکان دەگاتە ٦٥%.

## بەشی سێیەم:

## پراکتیکی توێژینەوەکە

وەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا، زانیاریی لە رێی راپرسییەوە کۆکراوەتەوە، ئەنجامەکەی لە خوارەوە دەخرێتەڕوو.

**یەکەم/ ژمارەی راپرسییەکە**

وەک خشتەی ژمارە (١) دەریدەخات، رێژەی ٣٢٪ی بەشداربوان لە رەگەزی مێن و رێژەی ٦٨٪یان لە رەگەزی نێرن لە کۆی ژمارەی بەشداربوان کە ( ١٤٦) کەسە.

زانیاری بەشداربووان:

**خشتەی (١): زانیاریی لەسەر بەشداربوان بەپێی رەگەز**

| رەگەز | ڕێژە (%) |
|---|---|
| مێ | ٣٢ |
| نێر | ٦٨ |
| کۆی گشتیی | ١٠٠ % |

خشتەی (٢) دەریدەخات بەشداربوانی گەنج کەمترین ڕێژەی بەشداربوانە، بەڵام سەروو گەنج واتا تەمەنی کامڵ زۆرترین ڕێژەی بەدەستهێناوە. گەنج و بە تەمەن لە ژێر کاریگەریی رادیۆدان کەم تا زۆر.

**خشتەی (٢): تەمەنی بەشداربووان**

| تەمەنی بەشداربوان | % |
|---|---|
| 18-25 | 11 |
| 26-33 | 30 |
| 34-45 | 38 |
| +46 | 21 |
| کۆی گشتی | %100 |

لە رووی خوێندەوارییەوە، وەک لە خشتەی (٣) دەردەکەوێت، گەورەترین رێژەی سامپڵەکە دەرچووی پەیمانگا و زانکۆ بوون، واتە بڕوانەی دیبلۆم یان بەکالوریۆسیان هەبووە (بە رێژەی ٤١.١%)، یان دەرچووی ئامادەیی بوون (بە رێژەی ٢١.١٩%) . بەڵام رادیۆ ئامرازێکە کە خوێندەوار و نەخوێندەوار گوێی لێ دەگرن، بە بڕوی توێژەر بەرزی رێژەی خاوەن بروانامە لە ناو سەمپڵەکەدا لایەنی ئەرێنیە بۆ توێژینەوەکە، لەبەرئەوەی بەرتوێژان لە ئاستێکی هۆشیاری باشدان.

**خشتەی ژمارە (٣): زانیاریی بەپێی ئاستی خوێندەواریی لە راپرسییەکەدا**

| ئاستی خوێندن | ڕێژە (%) |
|---|---|
| نەخوێندەوار | ١.٤ |
| کەمتر لە ٣ ی ناوەندی | ١٢.٣ |

| | |
|---|---|
| سێی ناوەندی | ١٨.٥ |
| ئامادەیی | ٢١.٩ |
| پەیمانگا و زانکۆ | ٤١.١ |
| خوێندنی باڵا | ٤.٨ |
| کۆی گشتی | % ١٠٠ |

سەبارەت بە پیشەی بەشداربووانیش، وەک ئەم هێڵکارییەی خوارەوە روونی دەکاتەوە، فەرمانبەری کەرتی گشتی بە رێژەی ٣٧% و پیشەی سەربەخۆ بەرێژەی ٢٥٪ شوفێر بە رێژەی ١٦% و دوای ئەمانیش خوێندکار و کابانی ماڵ بە هەمان رێژە کە ٧%، پێکدەهێنن. هەرچی بێکارانیشە ئەوا نزمترین رێژەن لە سامپڵەکەدا. بڕوانە خشتەی (٤).

**خشتەی (٤): پیشەی بەشداربووان**

| پیشە | رێژە (%) |
|---|---|
| بێکار | ١ |
| خوێندکار | ٧ |
| کابانی ماڵ | ٧ |
| کەتی گشتی | ٣٧ |
| کەرتی تایبەت | ٧ |
| شۆفێر | ١٦ |
| پیشەی سەربەخۆ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٪١٠٠ |

بە هۆی ئەوەی ڕاپرسییەکە لە ناو شاری سلێمانیدا ئەنجامدراوە، زۆرترین ڕێژەی بەشداربوان دانیشتوی ناو شارن. بڕوانە خشتەی (٥).

**خشتەی ژمارە (٥): شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربوانی راپرسییەکە**

| نیشتەجێبون | ڕێژە (%) |
|---|---|
| گوند | ١.٤ |
| ناحیە | ٠.٧ |
| قەزا | ٩.٥ |
| شار | ٨٨.٤ |

| | |
|---|---|
| کۆی گشتی | % ١٠٠ |

**دووەم/ ئاگاداربون لە براند، ئاستی ڕازیبون و کاریگەریی بەرنامەکان:**

بەشەکانی تری شیکاری داتاکان لە خوارەوە بە چەند خاڵێک باس دەکرێن:

لە خشتەی (٦) هاتووە، کە بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٢% سامپڵەکە ناوی رادیۆکەی بیستووە و دەزانێت کام رادیۆیەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رادیۆکە کێشەی ناسراوبونی نییە، وەک یەکێک لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ناسراوی ڕادیۆکە لە ناو جەماوەردا متمانە بۆ توێژینەوە زیاتر دەکات.

**خشتەی (٦): ئاستی ئاگاداریی بەشداربوان لە رادیۆی گەلی کوردستان**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣٥ | ٩٢.٤ |
| نەخێر | ١١ | ٧.٥٣ |
| کۆی گشتی | ١٤٦ | % ١٠٠ |

سەرباری ئەوەی رادیۆکە زۆر ناسراوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک گوێبیستی نابن. بەپێی خشتەی (٧)، ڕێژەی گوێبیستانی ڕادیۆی گەلی کوردستان لە ئاستی مام ناوەند دایە، بەڵام گەر ڕێژەی ئەوانەی زۆر جار و ئەوانەی هەندێک جار بە کۆکراوەیی پێکەوە وەربگیردرێت دەبینرێت ڕێژەی بەکارهێنەرانی لە بەرزترین ئاستی سامپڵەکەدایە.

**خشتەی (٧): ڕێژەی گوێبیستن لە بەرنامەکانی رادیۆی گەلی کوردستان**

| وەڵامەکان | ڕێژە (%) |
|---|---|
| زۆرجار | ١٤ |
| هەندێک جار | ٢٩ |
| کەمجار | ٣١ |
| هەرگیز | ٢٦ |
| کۆی گشتی | %١٠٠ |

خشتەی ( ٨ ) رونی دەکاتەوە کە لەسەر ئاستی کاریگەرییەکانی رادیۆکە بۆ بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری سیاسیە، بەرزترین ڕێژە (نزیکەی ٤٠%ی سامپڵەکە) پێمان دەڵێن بێ کاریگەرە، بەڵام گەر کۆی ڕێژەکانی دیکەی ئەم هێڵکارییە کۆبکەینەوە دەبینین کاریگەری لە مامناوەند و خوار مامناوەنددایە. دەشێت یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بێت ئەمڕۆ رادیۆی گەلی کوردستان لەبەردەم

ركابەرییەکی گەورەدایە، لە لایەک لەلایەن رادیۆکانی ترەوە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی دروستبونی ئاڵتەرناتیڤ بۆ رادیۆ.

**خشتەی (٨): رادەی بەشداریی بەرنامەکان لە بەرزکردنەوەی رۆشنبیریی سیاسیی بیسەران**

| ئاست | ڕێژە (%) |
|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | ٥ |
| تاڕادەیەکی مامناوەند | ٢٧ |
| بەڕادەیەکی کەم | ٢٨ |
| بێ کاریگەرە | ٤٠ |
| کۆی گشتی | % ١٠٠ |

لەسەر ئاستی تێرکردنی لایەنی ڕۆشنبیری بیسەران، خشتەی (٩)، دەڵێت ئاستێکی خوار مامناوەندە. بەرزترین ژمارەی سامپڵەکەش (٦١)، واتە نزیکەی ٤٢٪، دەریدەخات بەڕادەیەکی کەم ڕادیۆی گەلی کوردستان ئامرازی تێرکردنی لایەنی رۆشنبیری جەماوەرە. توێژەر دەیگەڕێنێتەوە بۆ دوو هۆکار:

یەکەم/ ڕادیۆ لەبەرانبەر ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن کاریگەرییەکانی دابەزیوە.

دووەم/ بەرنامە ڕۆشنبیرییەکانی ڕادیۆی گەلی کوردستان بە پێی خواستە رۆشنبیرییەکانی جەماوەر نین.

**خشتەی (٩): کاریگەریی بەرنامەکانی رادیۆی گەلی کوردستان لەسەر لایەنی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی بیسەران**

| ئاست | ژمارە | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | ٨ | ٥.٤٨ |
| تاڕادەیەکی مامناوەند | ٣٣ | ٢٢.٦٠ |
| بەڕادەیەکی کەم | ٤٤ | ٣٠.١٤ |
| بێ کاریگەرە | ٦١ | ٤١.٧٨ |
| کۆی گشتی | ١٤٦ | % ١٠٠ |

بڕوانینە خشتەی ( ١٠ )، بەرزترین ڕێژە دەڵێن بەرنامەکان ڕێز لە خواستی بیسەران ناگرن، بەڵام ئەگەر سەرجەم ڕێژەی وەڵامەکانی دیکە کۆبکەینەوە دەبینین لە ئاستی سەروو مام ناوەندایە،

دەریدەخات. ئەمەش ئەوە دەردەخات تا ئێستا بە ڕادەیەکی دیاریکراو لایەنی ئەرێنی تێدایە بۆ لەبەرچاوگرتنی خواستەکانی جەماوەرەکەی.

**خشتەی (١٠): رادەی ریزگرتنی خواستی بیسەران**

| ئاست | ڕێژە (%) |
|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | ١٢ |
| تاڕادەیەکی مامناوەند | ٣٠ |
| بەڕادەیەکی کەم | ٢٢ |
| تەواو پێچەوانە | ٣٦ |
| کۆی گشتی | % ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (١١) لە شیکاری بۆ ئەم برگەیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بەهێزی لە پێدانی هەواڵ و زانیاری لە کاتی خۆیدا لە ئاستی خوار مامناوەند دایە. ئەمەش دەریدەخات ڕادیۆی گەلی کوردستان فەراهەمکردنی هەواڵ و زانیاریی نوێ و خێرایی لە گەیاندندا بەشێوەیەکی خوار مام ناوەند لە بەرچاو دەگرێت، بەڵام بەپێی ڕێژەی ١٦٪ لە وەڵامدا دەڵێن تا رادەیەکی زۆر رادیۆکە بەهێزە لە پێدانی هەواڵ و زانیاری لە کاتی خۆیدا، ئەکرێت ئەم ڕێژەیەش وەک لایەنێکی گەشی ئام ئامرازە میدیاییە وەربگیردرێت.

**خشتەی (١١): رادەی بەهێزیی گەیاندنی هەواڵ لە کاتی خۆیدا**

| ئاست | ڕێژە (%) |
|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | ١٦ |
| تاڕادەیەکی مامناوەند | ٢٢ |
| بەڕادەیەکی کەم | ٢٤ |
| بێکاریگەرە | ٣٨ |
| کۆی گشتی | % ١٠٠ |

زانیاری ناو خشتەی ( ١٢ ) بە ڕێژە پێمان دەڵێت، لە ئاستی  مام ناوەندەوە بەرنامەکان ڕەفتاری توند و تیژی ناچێنن، چونکە بە ڕێژەی ٢٤.٦٪ دەڵێن تاڕادەیەکی زۆر و بە ڕێژەی ١٥.٧٪ تاڕادەیەکی مام ناوەند وە کەواتە ڕادیۆکە ئامرازێکە پەیامەکانی داخراو نین و بەشداری دەکات لە چالاکی مۆدێرن و دیموکراسیيانەدا.

**خشتەی (١٢): رادەی چاندنی توندوتیژیی بەهۆی بەرنامەکانەوە**

| ئاست | ژمارە | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | ٣٦ | ٢٤.٦٦ |
| تاڕادەیەکی مامناوەند | ٢٣ | ١٥.٧٥ |
| بەڕادەیەکی کەم | ٢٢ | ١٥.٠٧ |
| تەواو پێچەوانە | ٦٥ | ٤٤.٥٢ |
| کۆی گشتی | ١٤٦ | % ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە ( ١٣ ) دا، ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو کە ئاستی زیان گەیاندنی بەرنامەکان لە زمانی کوردی لە خوار ناوەندەوەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت رادیۆی گەلی کوردستان لە سەنگەری پارێزگاریکردنی زمانی کوردیدایە.

**خشتەی (١٣): رادەی زیانگەیاندن بە زمانی کوردی**

| ئاست | ڕێژە (%) |
|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | ٢٠.٠٨ |
| تاڕادەیەکی مامناوەند | ١١.٦٤ |
| بەڕادەیەکی کەم | ١٢.٣٣ |
| تەواو پێچەوانە | ٤٧.٩٥ |
| کۆی گشتی | % ١٠٠ |

بەپێی داتاکانی خشتەی (١٤) لە دیاریکردنی بەرنامەکان سەبارەت بە مەیلی حیزبیان و تۆخکردنەوەی ناکۆکی ئەوە دەخاتە ڕوو کە لەم ڕووەوە ئاستی خوار مام ناوەندە. واتا بە پێی ئەم هێڵکارییە رادیۆکە نەیتوانیوە مۆرکی حیزبی لە چوارچێوەی ئاراستەکردنی پەیامەکانیدا

**خشتەی (١٤): رادەی تۆخکردنەوە و ناکۆکیی حزبیی لەلایەن بەرنامەکانەوە**

| ئاست | ڕێژە (%) |
|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | ١٦ |
| تاڕادەیەکی مامناوەند | ٢٢ |
| بەڕادەیەکی کەم | ٢١ |

| | |
|---|---|
| تەواو پێچەوانە | ٤١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ % |

خشتەی (١٥) توانا و سەرکەوتنی پێشکەشکاران لە پێشکەشکردنی بەرنامەکاندا لەسەروو مامناوەندەوەن. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە میدیاکارەکان و پێشکەشکاران پێویستیان بە خولی بەهێزکردن و ڕاهێنانی زیاتر هەیە بە ئامانجی ئەوەی پەیامەکان کاریگەرییان لە سەر ڕایگشتی هەبێت.

**خشتەی (١٥): رادەی توانای پێشکەشکاران**

| ئاست | ڕێژە (%) |
|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | ٢٤ |
| تاڕادەیەکی مامناوەند | ٢٩ |
| بەڕادەیەکی کەم | ١٣ |
| تەواو پێچەوانە | ٣٤ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ % |

## دەرئەنجام:

لە ئەنجامی شیکارکردنی داتا وەرگیراوەکانەوە، توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١. رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، یەکێکە لە رادیۆ ناسراوەکانی شاری سلێمانی.
٢. ئاستی گوێگرتنی بیسەران لە رادیۆکە، لە چاو مێژوو و ناسراوەکەیدا لە ئاستێکی بەرزدا نییە و بە ئاستێکی زۆر بەرز بەشداری نەکردووە لە کەمکردنەوەی ڕەفتاری توندوتیژی.
٣. هۆی ئەوەی کەمتر گوێ لەم رادیۆیە دەگیرێت لە چەند خاڵێک تێناپەڕێت بە گشتیی. یەکەم، پێویستی بەوە هەیە سەرلەنوێ پێشکەشکارەکانی مەشق پێ بکاتەوە. دووەم، توانای پەخشی بەهێز و فراوان بکات. سێیەم، ناوەڕۆکی بەرنامەکانی دەولەمەندتر بکات بە شێوەیەک بابەتی سەردەم و قوڵتر و سەرنجراکێشتر بە بیسەرانی بگەیەنێت. چوارەم، هەڵسەنگاندنی بیسەرانی کەمتر وەردەگرێت.
٤. پەیامەکانی لایەنگری لە تۆخکردنەوەی پەیامی حیزبی ناکەن، واتا خواستی سەرجەم جەماوەر بێ جیاوازی لەبەرچاو دەگرن.
٥. کاریگەری رادیۆکە لەسەر ئاستی رۆشنبیری سیاسی بیسەرانی لە خوار ناوەندەوەیە.
٦. توانای تێرکردنی رادیۆکە لە رووی رۆشنبیری کۆمەڵایەتییەوە سەروو ناوەندە.
٧. تا ڕادەیەکی دیاریکراو لایەنی ئەرێنی تێدایە بۆ لەبەرچاوگرتنی خواستەکانی جەماوەرەکەی.
٨. ڕادیۆکە فەراهەمکردنی هەواڵ و زانیاریی نوێ و خێرایی لە گەیاندندا بەشێوەیەکی خوار مام ناوەند لە بەرچاو دەگرێت، بەڵام بەپێی ڕێژەی ١٦٪ لە وەڵامدا دەڵێن تا رادەیەکی زۆر رادیۆکە بەهێزە لە پێدانی هەواڵ و زانیاری لە کاتی خۆیدا، ئەکرێت ئەم ڕێژەیەش وەک لایەنێکی گەشی ئام ئامرازە میدیاییە لە بەرچاو بگیردرێت.

**ڕاسپاردە:**

پشتبەستوو بە شیکاریی و دەرئەنجامەکان، توێژینەوەکە ئەم راسپاردانەی خوارەوە دەخاتە بەرچاو:

١. ڕادیۆی گەلی کوردستان پێویستە گرنگیی بە بەرنامەی هەمەڕەنگ و پەروەردەیی و زانیستی و کۆمەڵایەتییەکان بدەن.
٢. پەخشکردنی گۆرانی و کەمکردنەوەی مۆرکی حیزبی یەکێک بێت لە تەوەرە سەرەکییەکانی ڕادیۆ حیزبییە کوردییەکان بەگشتی و ڕادیۆی گەلی کوردستان بە تایبەت.
٣. کورت و پوخت کردنەوەی هەواڵە سیاسییەکان.
٤. دامەزراوەکانی ڕادیۆ گرنگی بەو بابەتانەی کە جێگەی گرینگی پێدانی بیسەرانن، وەک: تەندروستی، هاتوچۆ، یاسا، ڕێنمایی کۆمەڵایەتی و دەروونی بدەن.
٥. لیژنەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە رووی بەرپرسیارێتی کاری ڕاگەیاندنەوە ڕادیۆکان بەرپرسیار بکەن لە گرنگیدان بە کێشەکانی گەنجان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی.
٦. لیژنەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە رووی بەرپرسیارێتی کاری ڕاگەیاندنەوە ڕادیۆ

حیزبی و سەربەخۆکان بەرپرس بکەن بەوەی داکۆکیکاری چارەسەرکردنی کێشەکانی جەماوەربن بە گشتی.

٧. خولی تایبەت بە مەشقی پێشکەشکارەکانی بکاتەوە بە مەرجێک لەلایەن کەسانی شارەزاوە ئەنجام بدرێت، بابەتەکانیش لەگەڵ سەردەمەکەدا بگونجێت.

٨. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی و رۆشنبیریی پێشکەشکاران گرنگە، چونکە هزر و ئاستی رۆشنبیریی ئەوانە وادەکات پەیامەکان باشتر بن لە رووی کوالتییەوە، کاریگەرییشیان زیاتر بێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


1. Allison Marsh ،Who Invented Radio: Guglielmo Marconi or Aleksandr Popov?, 30 April, 2020: https://spectrum.ieee.org/who-invented-radio-guglielmo-marconi-or-aleksandr-popov

2. Cynthia Vinney, Uses and Gratifications Theory in Media Psychology: How and why we make our choices for media consumption, March 06, 2024. https://www.verywellmind.com/what-is-uses-and-gratifications-theory-in-media-psychology-5217572

3. Cynthia Vinney, What Is Uses and Gratifications Theory? Definition and Examples, July 29, 2024: https://www.thoughtco.com/uses-and-gratifications-theory-4628333

4. Dyan Rhmiati, Anang Sujoko. "The role of radio as the public sphere for public political education in the digital era: Challenges and pitfalls." *Cogent Social Sciences*, Volume 9, Issue 1, 25 July 2023. Available at: https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/23311886.2023.2239627

5. Oberiri Destiny Apuke, , INTRODUCTION TO RADIO PRODUCTION,

Lapbert Academic Publishing, Taraba State University, 2017. See: file:///C:/Users/BEST%20TECH/Downloads/IntroductiontoRadio.pdf

6. Shinde A. V., Patil S. D., and P.A. Patil, Listening Behaviour of Community Radio Listeners, Asian journal of Extension Education, Vol.-36, 2018. See: file:///C:/Users/BEST%20TECH/Downloads/57-Vol-36-2018-Asian-7-1443-51-7-14.pdf

7. Tiziano Bonini, The new role of radio and its public in the age of social network sites, University of Siena, First Monday Ournal, Volume 19, Number 6 – 2, June 2014. See: file:///C:/Users/BEST%20TECH/Downloads/Bonini-thenewroleofradio-FirstMonday%20(1).pdf

8. What Is Audience Satisfaction And How To Define It, FasterCapital ،, see: https://fastercapital.com/questions/what-is-audience-satisfaction-and-how-to-define-it.html

9. Zainal Abidin Achmad and Rachmah Ida, The shifting role of the listeners in the mediamorphosis process of culture radio: A case study of Jodhipati 106.1 FM, Masyarakat, Kebudayaan dan Politik Vol. 32, Issue 3, 2019, page 240-250. See: file:///C:/Users/BEST%20TECH/Downloads/The_shifting_role_of_the_listeners_in_the_mediamor.pdf

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١. شعبان مالك. "دور الإذاعة المحلية في نشر الوعي الصحي لدى الطالب الجامعي." أطروحة دكتوراه، علم اجتماع التنمية، جامعة منتوري قسنطينة، ٢٠٠٥-٢٠٠٦.

٢. لخضر طاهري. "واقع الإذاعة المحلية ومعالجتها للمشكلات الاجتماعية - إذاعة الجلفة المحلية نموذجاً." مذكرة ماجستير في علم اجتماع الاتصال والعلاقات العامة، جامعة بسكرة، ٢٠١١-٢٠١٢.

٣. بن عزة فاطمة الزهراء. "الإذاعة المحلية ودورها في تحديد توجهات الرأي العام – إذاعات الغرب الجزائري نموذجاً." أطروحة دكتوراه ل.م.د في علم اجتماع الاتصال، كلية العلوم الاجتماعية والعلوم الإنسانية، قسم العلوم الاجتماعية، جامعة أبي بكر بلقايد، الجمهورية الجزائرية

الديمقراطية الشعبية، تلمسان، ٢٠١٦-٢٠١٧.
٤. الحمد عزت ونهاد عبود. "الإذاعة والتلفزيون: دراسة في إعلام السلطة." مؤسسة حرية الفكر والتعبير، ٢٠١٢.
٥. عبلة محمد رويس. "تجربة الإذاعات المجتمعية الأردنية في تنمية المجتمع المحلي - دراسة حالة: نادي مستمعي راديو البلد." رسالة ماجستير في الإعلام، جامعة الشرق الأوسط للدراسات العليا، كلية الإعلام، ٢٠١٠.

## پاشکۆ: فۆرمی راپرسیی
## راپرسیی دەربارەی رەزامەندبوونی بیسەرانی رادیۆی گەلی کوردستان

### تەوەری ١: زانیاریی لەسەر بەشداربوان بەپێی رەگەز

١- رەگەز:

| | |
|---|---|
| نێر | مێ |

٢- تەمەن:

| | |
|---|---|
| 18-25 | 26-33 |
| 34-45 | +46 |

٣- ئاستی خوێندەواریی:

| | |
|---|---|
| نەخوێندەوار | ئامادەیی |
| کەمتر لە ٣ ی ناوەندی | پەیمانگا و زانکۆ |
| سێی ناوەندی | خوێندنی باڵا |

٤- پیشە:

| | |
|---|---|
| بێکار | کەرتی گشتی |
| خوێندکار | کەرتی تایبەت |
| کابانی ماڵ | شۆفێر |
| پیشەی سەربەخۆ | |

٥- شوێنی نیشتەجێبوون:

| | |
|---|---|
| گوند | ناحیە |
| قەزا | شار |

**تەوەری ٢: هۆشیاربوون بە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان**

٦- ئایا ئاگاداریت یاخود دەزانیت کە رادیۆی گەلی کوردستان هەیە؟

| | |
|---|---|
| بەڵێ | نەخێر |

٧- تا چەند گوێبیستن لە بەرنامەکانی رادیۆی گەلی کوردستان؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| زۆرجار | هەندێک جار | کەم جار | هەرگیز |

**تەوەری ٣: رادەی رازیبوون و کاریگەریی**

٨- رادەی بەشداریی بەرنامەکان لە بەرزکردنەوەی رۆشنبیریی سیاسیی بیسەران تا چەندە؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| تا رادەیەکی زۆر | تا رادەیەکی مامناوەند | تا رادەیەکی کەم | تەواو پێچەوانە |

٩- کاریگەریی بەرنامەکانی رادیۆی گەلی کوردستان لەسەر لایەنی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی بیسەران تا چەندە؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| تا رادەیەکی زۆر | تا رادەیەکی مامناوەند | تا رادەیەکی کەم | تەواو پێچەوانە |

١٠- رادەی رێزگرتنی خواستی بیسەران تا چەندە؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| تا رادەیەکی زۆر | تا رادەیەکی مامناوەند | تا رادەیەکی کەم | تەواو پێچەوانە |

١١- رادەی بەهێزیی گەیاندنی هەواڵ لە کاتی خۆیدا تا چەندە؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| تا رادەیەکی زۆر | تا رادەیەکی مامناوەند | تا رادەیەکی کەم | تەواو پێچەوانە |

١٢- رادەی چاندنی توندوتیژیی بەهۆی بەرنامەکانەوە تا چەندە؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| تا رادەیەکی زۆر | تا رادەیەکی مامناوەند | تا رادەیەکی کەم | تەواو پێچەوانە |

١٣- رادەی زیانگەیاندن بە زمانی کوردی تا چەندە؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| تا رادەیەکی زۆر | تا رادەیەکی مامناوەند | تا رادەیەکی کەم | تەواو پێچەوانە |

١٤- رادەی تۆخکردنەوە و ناکۆکیی حزبیی لەلایەن بەرنامەکانەوە تا چەندە؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| تا رادەیەکی زۆر | تا رادەیەکی مامناوەند | تا رادەیەکی کەم | تەواو پێچەوانە |

١٥- رادەی توانای پێشکەشکاران تا چەندە؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| تا رادەیەکی زۆر | تا رادەیەکی مامناوەند | تا رادەیەکی کەم | تەواو پێچەوانە |